Daren **ئەدمینەکەی ژووری کوردستان وەرزش ... دلێرمحمود سابیر**

کەسێك نیە نکولی لەوە بکات کە وەرزش چ پەیوەندیەکی بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە هەیە ئەوە بێجگە لە ڕۆحە وەرزشیەکەی کە بێ ئەوە نە لیاقەتت ئەبێ نە بە کردەوە ئەتوانی دەری بڕی، لیاقەت بۆ لەش ساغی و لیاقەت بۆگفتو گۆو ڕەفتار لە گەڵ بەرانبەرەکەت، بە هەموو کەسێك ئەووترێ لیاقەتی جوانە بەڵام پێی ناوترێ ئوسلوبی یان ڕەفتاری جوانە واتە لیاقەتی قسە کردن و موجامەلەی نیە. کەسێ وەرزش وان بێ ئەبێ نەفەس درێژ و لە سەر خۆ و خاوەن هونەرێکی تایبەتی بێ کە ئەبێتە پێناسەی کەسایەتی ئەو وەرزش وانە، ئەوەی کە بۆ نموونە ئەمەوێ باسی کەم لاوازی و کەم دەرامەتی لە هەموو ڕوویەکی ئەدەبی هونەری و ڕۆشەنبیری و دیالۆگ و ڕەخنە و ئیدارە، ، ، ، هتد کە لە کەسێکی وەك بورهان خەراجیانی دا کۆبۆتەوە کە ناو براو ئەدمینێکی سەپێنراوە بە سەر ژووری کوردستان وەرزش / یەکێکە لە ژوورەکانی پاڵتالك کە شەوانە من لەوێ کاتی خۆمم بە سەرئەبرد. و تەنها ژوور بوو کە هەستم ئەکرد لە گەڵ کەسانی پیاوو لە خۆ بووردودا دانیشتووم. بەڵام داخی گرانم ئەدمینی بێ لیاقەت کاکە (دارین) یان با بڵێین موقەددەم بورهانی ئامرسریەی بێریە سووری فیرقەی حەوت کە وەك پاسەوان بە سەر دانیشتوانی ئەو ژوورەدا سرەوتی نیە و چاو ئەگێڕێ بزانێت کێ ڕستەیەکی پێچەوانەی خواستی ئەو ئەنووسێ، یان لە قسەکانیا جۆرە بۆکزو دوکەڵێکی تیایە لای ئەم تەم و مژی هەیەو بە دڵی نیە بۆ ئەوەی دەم ودەس ئەو سەروەریە تۆماربکات بۆ خۆی کە سید الامر ئەیکاتە دەرەوەو پاشە ملەش ئەوەی خۆی بە عەقڵی نەخۆشیا دێت بیبارێنێ بە سەریا، داخەکەم شایانی ئەوەش نیە هەر گوێی لێ بگیرێ، وەك ئەو شەوەی کە بێ ئەوەی ڕووی دەمم تێ کردبێ!! یان هەر دەستم هەڵبڕیبێ بە شایەتی میوانەکان، نەمۆڵەتی بۆ ڕەخساندم بۆ بەرگری!! تەنها لە گەڵ خۆشەویستێکدا سوعبەتمان ئەکرد ئەویش کە هەموان ئەزانن ئەو فلان کەسە سەری گەرم

ئەبێ ئەکەوێتە سەرو گوێلاکی سەرانی کورد و بەرپرسان و بێ گوێ دانە ڕەچاو کردنی هەستی خەڵکانێك کە پەوەندیان هەیە بەو لایەن و تاکە کەسانەوە، هەرچەند ئەوە کێشەی من نیە بەڵام پێش وەخت من ئاگاداری ئەدمینی ژوورەکە کاك ئەنوەر خەراجیانیم کردۆتەوە کە ئەوەندە لغاوی بۆ شل نەکەن کە ژوورەکە بکاتە مۆڵگەیەکی موهاتەرات و جنێو فرۆشتن بۆ ئەوەی ژوورەکە لە ئاستی بەرپرسیاریدا بێت بەرانبەی ئەو ناوەی کە هەڵی گرتووە وەك بنکەیەکی وەرزشی نەك وەك ژوورەکانی تر کە جۆرەها سوکایەتی تیا ئەووترێ، بورهان دەست بە جێ سەغڵەت بوو تووشی دڵە ڕاوکێ و سك چوون بوو کە لە پاش کەمێك بە دەم پیسایی هێنایەوە کە جێی داخە ئەوەش نەخۆشیەکە کە تەنها لەو ئەدمینەدا سەری هەڵداوە، دارین شایانی ئەو پۆستە نیە، چونکە لە سنگ لە زەوی خشاندن زیاتر و مەرایی و ڕیایی و تەنازولات و پشی پشی و بە قوربان و بەساقە بوون تا کەسێك مایك بگرێ. هیچ ڕستەیەکی موفیدی تیا بەدی ناکرێ. ئەو ئەسڵەن کەسێکی وەرزشەوان نیە و هیچ لە بارەی وەرزشەوە نازانێ تا بتوانێ تەنها 5 دەقیقە لە بەر مایك دا بتوانێ باسێك بجوڵێنێ و سەرنجی لە سەربدرێ. ئەم مەخلوقە چیکڵدانەی هێندە بچووکە ناکرێ زۆر بیجوڵێنی وەك ووتم نەفەسی کورت و بێ حەوسەڵەیە و زوو شێتگیر ئەبێ، و بەرانبەرەکەی قبووڵ نیە.. ئەی کە وایە بۆ بۆتە ئەدمین کە بە ڕەخنەو نوسینی تێکست و قسەی توند نارەحەت ئەبێ؟ ئەی ئەدمینی ژوورەکانی وەك گەرمیانی وڕەواندوزی و بۆتین و شێخە بڵێن چی کە بە لێشاو چەپەڵییان بەرانبەرئەکرێ؟ خوا فرسەتیان بدات هیچ نەبێ پەڕۆیەکیان لێ دادڕە دارین!! تۆ قسە زان نیت.. هیچت پێ نیە، ، تکایە باشتر وایە نەچیتە ئەو ژوورەی کە هەردوو زاتی بەڕێزی وەك کاك علی لەتیف و کاکە تایەری بەڕێزی برای بۆی ئەچن!یان بە عەیەب دانیشە و گوێ بگرە و شت فێر بە ئەوانە خەزنەیەکی گەورەو گران بەهای میللەتێکیان پێیە!! ئەوانە کە قسە

بکەن جائز نیە کەس دەس هەڵبڕێ چونکە هەموو هەنەرێکی تۆ ناویان نازانی لەجەستەیاندایە!!چونکە هەڵگری مێژویەکی چڕو پڕی وەرزش و هونەر لە ویژدانیاندایە، زانستیین، ، وێژەن.. ڕەوشتن، ، هەموو ڕەفتارێکیان ئیلتیزاماتێکی ئەخلاقی پێوەیە بۆیە ناکرێ دارینێکی نەزانی بێ مستەوا هیچ جۆرە ڕەفتارێکی موراهیقانە بنوێنێ لە ئاستی بوونی ئەو بەڕێزانە لە ژوورەکەدا، ئەوەش بزانە من وەرزشەوان نیم بەڵام پڕ بە دڵ کە ئەو بەڕێزانە لە وەرزش ئەدوێن منیش خولیای بووم و هەرگیزیش بۆ باسێك لەو بارەیەوە دەستم هەڵ نەبڕیوە تەنها گوێ گر بووم، بۆ ئەوەی نەچمە بابەتێکەوە پەیوەندی بە منەوە نەبێت و دەربارەی نەزانم، بەڵام کە بابەت ئازاد ئەکرێت خەڵکی چی لە دەستدا هەبوو بۆ کات بردنە سەر سەرپشکە کەس بۆی نیە کەس سوور کات وەك جەنابت پیشەتە!!

خەڵکی ئازادە بە هەرناوێك بێتە ژوورەکەوە، ، چونکە ئەگەرتێ بگەی گرنگ ناو نیە، ، بەڵکو گرنگ ناوەڕۆکە، ئەوەی لە هەگبەی دا بێت بیدرکێنێ ئازادە بەمەرجێ (منیش لەگەڵ ئەوەم) تەشهیر نەبێ بۆ کەس، لە ژوورەکانی ئەو بەڕێزانەی سەرەوە خەڵکی بە ئارەزووی خۆیان چات ئەکەن، ، شت ئەنووسن بەڵام نە سووریان ئەکەن، نە دەریان ئەکەن، بۆ نمونە گەرمیانی ئەڵێ:ئەو فلان کەسە سوور مەکەن کە شتی خراپ ئەنووسێ و دەریشی مەکەن بۆئەوەی بێتەوە هۆش خۆی کە کەس هەڵەی بەرانبەرئەو نەکردووە تا شەرمەزار بێت، چونکە دڵنیایە لەوەی کە هیچ هەڵەیەك تاسەربەردەوام نابێت لە هەڵە کردن، ئەبێ ئەو تەجروبەی زیاتری هەبووبێ و لە نەفسییەتی ئەو خەڵکە گەیشتبێ و حەوسەڵەشی گەورەتربێ، کەواتە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەدمین ئەبێ کەسێکی لێزان و تێرو تەسەل لەزانیاری هەمە جۆر بێت کە وەك تۆ دا نەمێنێ بۆ دوو ڕستەی بە کەڵك، چونکە ئەدمین وەك کۆر گێڕێك، وەك بەرپرسێکی سیمینارێك نابێ بێ مەعلومات بچێتە بەر مینبەر و هیچی پێ نەبێت لە ناو قەددا بکوژێتەوە بە تایبەتی چونکە ژووری وەرزش تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەدمین ئەبێ زانیاری زۆری لە بارەوە هەبێ کاتێ بابەتێك دائەمەزرێنێ بۆ گفتو گۆ نەك بینوسێ و حەواڵە بە خوای کا و بپاڕێتەوە لە میوانی ژوورەکە کە دەست هەڵبڕن و ئەوان بۆی باس کەن، لە کورتی بی بڕێنمەوە ئەم جۆرە کارانە ئەرکی زۆرەو بارێکی قورس و گرانە لە گەڵ ڕێزم بۆ کاك ئەنوەر و میوانە بەردەوامەکانی ژووری وەرزش تۆ کەری ئەو بارە نیت!!!؟؟؟